# له لابووره‌وه بۆ په‌رستگه
# شانۆی ڕێژیسۆری ڕووسی ئاناتۆلی ڤاسیلییڤ

د. فازڵ جاف

نمایشکردنی شانۆنامه‌ی «لاواندنه‌وه‌ی یه‌رمیا» له‌لایه‌ن (ئاناتۆلی ڤاسیلییێڤ)ی ده‌رهێنه‌ره‌وه، له ساڵی ١٩٩٦دا ڕێوڕه‌سم و دابونه‌ریتی شانۆی ئایینی بۆ فه‌زای شانۆی هاوچه‌رخ گه‌ڕانده‌وه. له کاتێکدا که له ستۆکهۆڵم ته‌ماشای نمایشه‌که‌م ده‌کرد، هه‌ستم به ئاسووده‌یی و هێورییه‌کی بێ ئه‌ندازه ده‌کرد، وه‌ک ئه‌وه وابوو له په‌رستگه‌یه‌کی سه‌ته‌ی ناوه‌ڕاست دانیشتبێتم و به هه‌ستێکی سۆفییانه‌وه ته‌ماشای یه‌کێک له نمایشه‌کانی (شانۆی نهێنییه‌کان)ی ناو کڵێسا بکه‌م.

ئه‌کته‌ره‌کان به چه‌شنێک خۆیان نمایش ده‌کرد، دروست وه‌ک ئه‌وه‌ی هه‌موویان ئه‌ندامانی کۆڕسێک بن، یان له ناو په‌رستگه‌یه‌کدا ئه‌ندامی کۆڕێکی زیکر بن. ئه‌وان به جۆرێک خۆیان ده‌نواند وه‌ک ئه‌وه‌ی ته‌واو نوقمی سرووت و ژینگه‌یه‌کی قووڵی ئایینی بووبن، نه‌ک له نمایشێکی شانۆدا ڕۆڵ بگێڕن.

پێش ئه‌وه‌ی ئه‌م نمایشه له گه‌شتێکی تیپه‌که‌دا بۆ ستۆکهۆڵم ببینم، چه‌ند وتارێکم ده‌رباری ئه‌زموونی ڕێژیسۆریی ڤاسیلییێڤ و ئه‌م نمایشه خوێندبووه‌وه، دید و بۆچوونه‌کانی ڤاسیلییێڤ هانی دام جارێکی دی به چه‌مکی شانۆی پیرۆزدا بچمه‌وه، به‌و چه‌مکه‌ی که پیته‌ر بروک له کتێبی (فه‌زای به‌تاڵ)دا به‌وردی باسی لێوه ده‌کا.

پیرۆزیی له شانۆدا چییه؟ ئه‌م پرسیاره پرسیارێکی قووڵه، چونکه ڕاسته‌وخۆ پێوه‌ندی به کرۆک و جه‌وهه‌ری شانۆوه هه‌یه، به‌و پێیه‌ی شانۆ له‌ناو جه‌رگه‌ی سرووتی ئایینییه‌وه سه‌ری هه‌ڵداوه و پاشتر لێی جیابووه‌ته‌وه.

له شانۆی مۆدێرندا ڕه‌نگه بروک یه‌که‌م شانۆکار بێ، که به‌شێوه‌یه‌کی جودا له هه‌موو شانۆکارانی ئه‌م سه‌رده‌مه وه‌ڵامی ئه‌م پرسیاره‌ی دابێته‌وه.

بروک ده‌یویست، چ به نووسین و چ به سۆراخ و پشکنین له بواری مه‌شق و ڕاهێنان و خول و وۆرکشۆپدا که‌ره‌سته‌کانی ده‌ربڕین و به‌رجه‌سته‌کردن له‌م ته‌رزه شانۆیه‌دا به‌ده‌ست بێنێ، بۆیه درێژه به پرسیاره‌کانی ده‌دات و ده‌پرسێ: پیرۆزی له شانۆدا چۆن ده‌رده‌بردرێت؟

پاش قووڵبوونه‌وه له ئارتۆ، که پێشه‌نگی ئه‌م شانۆییه‌یه، پاشتریش له گرۆتۆفسکی، بروک وای ده‌بینێت که ئه‌رکی شانۆی پیرۆز له‌وه‌دایه که چۆن بتوانین ئه‌وه‌ی نادیاره، بخه‌ینه ڕوو، نادیار

دیار بێ. دیارکردنی (نادیار) ئەرکی سەرەکی شانۆی پیرۆزە. لە کۆتایی ئەو بەشەی کە تایبەتە بە شانۆی پیرۆز، بروک دەگاتە ئەو دەرئەنجامەی کە: ئێمە هێشتا پێویستمان بە شانۆی پیرۆزە. ئەی باشە لە کوێدا بۆی بگەڕێین، لە سەر ئەرز، یان لە نێو هەورەکاندا؟

### هێشتا پێویستمان بە شانۆیەکی پیرۆزە

ئەزموونی ڤاسیلییێف لە نواندنەوە دەست پێ دەکات، سەرەتا وەک شاگردێکی مامۆستا و ڕاهێنەر (ماریا کنێبێل)ـەوە دەست پێ دەکات. کنێبێل خوێندکار و شاگردی لێوەشاوەی ستانیسلاڤسکی بوو، بە شارەزابوون لە تەکنیکی «زنجیرەی کردارە جەستەییەکان» ناوبانگی دەرکردبوو، کردارە جەستەییەکان بەپێی ڕێبازی ستانیسلاڤسکی بەردی بناغەی پێکهاتنی میتودی ئەکتەر و دەرهێنەر پێک دەهێنێت، کنێبێل لە پیادەکردنی ئەم تەکنیکەدا، ڕێچکەیەکی تایبەت بە خۆی هەبوو، بۆیە دەکرێ بڵێین کە کنێبێل یەکێکە لەوانەی کە تەکنیکی کرداری فیزیکی ستانیسلاڤسکی پەرەپێ دا، تەنانەت ڕەهەندی نوێی پراکتیکی و کارپێکراوی بۆ زیاد کرد، دواتر ناوی «شیکاری کردار»ی لێ نا. کنێبێل مەشق و ڕاهێنانی بە قوتابییەکانی پەیمانگەی دەوڵەتی هونەرە دراماتیکییەکان (گیتس) دەکرد، هەر لەوێشدا، وەک باشترین ڕاهێنەری میتودی ستانیسلاڤسکی ناوبانگی پەیدا کرد. توێژەران پێیان وایە کە کنێبێل جێپەنجەی خۆی لەسەر ڕێبازەکەی ستانیسلاڤسکی داناوە، هەر بۆیە لە گرنگترین پەیمانگەکانی جیهان بۆ ڕاهێنانی ئەکتەر، «پەیمانگەی گیتس» لە مۆسکۆ، بەردەوام بووە لە جێبەجێکردنی سیستمی ستانیسلاڤسکی لە نواندن و دەرهێنانی شانۆییدا.

سەبارەت بە ڤاسیلییێف، جگە لە بەهرەی نواندن و دەرهێنان، خاوەنی توانایییەکی تیۆریی قووڵە، بۆیە لە ڕووی ئەکادیمیەوە دەتوانێ بەڕوونی داکۆکی لە دیدگە و بۆچوونەکانی خۆی بکا، کە ئەمەش لە سەرجەم لێدوان و نووسینەکانیدا دیارە، بۆیە ڤاسیلییێف بەوە ناسراوە کە زۆر وردە لە گوزارەکردن لەو چەمک و میتودە ئیستێتیکییەی کە پێڕەوی دەکا، لە لێدوانەکانیشدا زیرەکانە کارە هونەرییەکانی خۆی بە فۆرمۆلاسیۆنی فیکری ورد شی دەکاتەوە، ئەمە جگە لەوەی کە لە ڕاهێنان و پەروەردەکردنی ئەکتەرەکانیدا ڕۆڵێکی کاریگەری هەیە.

لابوورەکەی لە هەندێک ڕووەوە تاقیگەکەی (گرۆتۆڤسکی)مان وەبیر دێنێتەوە، بەڵام شێوازی تاقیگەی ڤاسیلییێف لە پەرستگە و دەیرەوە نزیکە، کە ڕێوڕەسم و سرووتی پیرۆزی تێدا جێبەجێ دەکرێت، لابوورەکەی ڤاسیلییێف پانتاییەکە لە خەڵوەتگە و شوێنی خواپەرستی دەچێ، نەک لە تاقیگەیەکی تایبەت بە هونەری شانۆ، بەڵام وانەبێ ئەم ئەزموونە جیاوازەی ڤاسیلییێف بەتەواوەتی لە ئەزموونی گرۆتۆڤسکی دابڕا بێ، ئەوەتا سەبارەت بە ڕێوڕەسمی شانۆی پیرۆز و ناوەڕۆکە ڕوحی و ئایینییەکەی، دەستەواژەی (شانۆی ستوونی) بەکار دێنێ، کە دەستەواژەیەکە بۆ یەکەم جار گرۆتۆڤسکی لە لابوورەکەیدا بەکاری هێنا.

توێژەران و ڕەخنەگران، ئەوانەی دەربارەی نمایشەکانی ڤاسیلییێف توێژینەوەیان کردووە، جەخت لەسەر ئەوە دەکەن، کە ئەم ڕێژیسۆرە هەنگاوێکی گەلێ گرنگی نا، بەوەی کە هەر لە سەرەتاوە شانۆی (تاگانکا)ی بەجێ هێشت، ئەو شانۆیەی کە دەرهێنەری بەناوبانگ یۆری لیوبیمۆڤ لە مۆسکۆ، بەڕێوەی دەبرد. هەر پاش جێ هێشتنی شانۆی تاگانکا، وەک دەرهێنەرێکی درەوشاوە ناوبانگی دەرکرد، بەتایبەتی دوای ئەوەی شانۆنامەی «سیرکاو»ی لە ساڵی ١٩٨٥ خستە سەر شانۆ، ئەم نمایشەی بە مەشق و تاقیگە و توێژینەوە لەگەڵ خوێندکارەکانی، سێ ساڵی خایاند.

ڕەخنەگران پێیان وایە ئەم نمایشە لە ڕەوتی هەوڵەکانی ڤاسیلییێڤ بۆ وازهێنان لە شێوازی ڕیالیزمی دەروونی وەرچەرخانێکی گرنگ بوو.

مامەڵەکردنی ڤاسیلییێڤ لەگەڵ پانتایی و پێوەندی فیزیکی نێوان ئەکتەر و بینەر لە ڕێوڕەسمی شانۆدا گرنگترین خاڵی نمایشی، شێوازی کارکردنی ڤاسیلییێڤ لەسەر پانتایی و بۆشایی شانۆ شێوازێکی نائاسایی و دژەباو بوو، پانتاییەکە خانوویەکی لاکێشەیی دەنواند، کە بەلای بنی ڕووبەری پانتەییەکەدا شۆڕ دەبێتەوە، ئەمەش ئەوەی دەگەیاند کە شوێنەکە جۆرێکە لە پەرستگە، لە کاتێکدا بینەرەکان لە پەنجەرەی دیوارەکانەوە ئەکتەرەکانیان دەبینی، نمایشەکە لەبەر تیشکی ڕووناکییەکی چڕ بەڕێوە دەچوو.

پاش چەندان نمایشی سەرکەوتوو لە مۆسکۆ، تیپەکە لە گەشتێکی دوو ساڵەدا لە چەند وڵاتێکی ئەورووپادا شانۆگەرییەکەیان نمایش کرد، لەم گەشتە دووردرێژەدا شێوازی کارکردنی ڤاسیلییێڤ وەک ڕێژیسۆرێکی جیاهەڵکەوتوو، بۆ یەکەم جار لە ئەورووپادا دەنگی دایەوە و ناوبانگی پەیدا کرد.

ئەوەی کە گرنگە دەربارەی شێوازی کارکردن و ڕاهێنانەکانی باس بکرێ، لێرەدا زۆر بە کورتی ئاماژەی پێ دەکەم: ڤاسیلییێڤ بەوە ناسراوە کە لە شێوەی (ئیتود) ڕاهێنان بە ئەکتەرەکانی دەکات، نمایشەکانی لە زنجیرە ئیتودێکدا پێک دێنێ. ئەو پێی وایە مەشقکردن لە شێوازی ئیتود، ژینگەیەکی ئاسوودە و هێور بۆ ئەکتەرەکانی دەڕەخسێنێ، ژینگەیەکی ئارام کە لە ڕووی جەستەیی و زەینییەوە یارمەتی ئەکتەرەکانی دەدات داهێنان بکەن. بەلای ئەوەوە خوڵقاندنی ئەم ژینگەیە لە پرۆسەی ڕاهێناندا ئامانجی سەرەکییە، ئەم ئامانجەشی بۆ یەکەم جار لە نمایشی (سرکاو)دا بەدی هێنا.

دەبێ ئەوەش بڵێین کە پەیمانگەی شانۆیی (گیتس) لە مۆسکۆ دەرفەتێکی لەباری بۆ لابوورەکەی ڤاسیلییێڤ و قوتابییەکانی ڕەخساند، کە بتوانن ئەم ئەزموونە شانۆییە ناوازەیە، پێشکەش بە جیهانی شانۆ بکەن.

تایبەتمەندێتیی لابوورەکەی ڤاسیلییێڤ لە میانەی پرۆڤەکردنی لەگەڵ قوتابیانی گیتدا، لە شانۆنامەی (شەش کەسایەتی بەدوای نووسەرێکدا دەگەڕێن)ی نووسەری ئیتاڵی لویجی پیراندللۆ، باشتر گەلاڵەی کرد. لەم ئەزموونەدا شێوازی کارکردنی لابووریانەی شانۆی پیرۆزی باشتر بۆ ڕەخسا، دیارە پەیمانگەی گیتس هەموو هەلومەرجێکی لەباری بۆ ڕەخساند. ئەوەبوو ڕاهێنانەکان لە ساڵی ١٩٨٧ـەوە دەستی پێ کرد، تاکوو ساڵی ١٩٩١ بەردەوام بوو. ڕاهێنانەکان لەم لابووره درێژخایانەدا بە گوێرەی سیستمی ئیتود و خوڵقاندنی سرووتی سۆفیئاسا دەکران، هەر بۆیە ڕەخنەگری ڕووسی (ئەناتۆلی سمیلینسکی) دەربارەی نمایشی ئەکتەرەکان دەڵێ: ئەکتەرەکان لە چوارچێوەی پێکهاتە هونەرییەکاندا لەشسووکی و دینامیکێتی و سادەییان پێوە دیاربوو، کە ئەمەش لە شێوازی هونەریی (ڤاسیلییێڤ)دا خاڵێکی بنەڕەتییە.

ڤاسیلییێڤ بەردەوام جەخت لە سەر ڕۆڵ و گرنگیی ڕیتم لە نمایشەکانی دەکات، پێشی وایە نابێت پێکهاتەکانی سەر شانۆ هاوشێوەی پێکهاتەکانی ژیان بن، بەڵکوو پێویستە لەگەڵ مەرجەکانی خوڵقاندنی ڕیتمە هونەرییەکان بگونجێن، بە واتایەکی تر: ئەکتەر دەبێ پێشوەختە ئاگادار بێ کە گوزارە لە فۆرمی هونەری دەکا، ئەوان جۆرە مۆدێلێک نین کە لە ژیانەوە گواستراو بن.

سەبارەت بە کارەکانی دەرهێنەر و ڕۆڵی لە نمایشدا: پێی وایە کە پرۆسەی داهێنانی شانۆیی لە دوو ئاستدا بەرەوپێش دەچێ: یەکەمیان

پێوەندی بە ژیانی ناوەوەی کارەکتەرەکەوە هەیە، دووەمیان پێوەندی بە ژیانی دەرەوەی کارەکتەرەوە هەیە، ئەو دووانە پێکەوە کارلێک دەکەن. ئەرکی دەرهێنەر ئەوەیە کە بزانێ چی لە دەقەکەدا شاراوە و نادیارە و دەبێ پەردەی لەسەر لابدات، (لێرەدا دیدگەی ڤاسیلییێڤ لەگەڵ دیدگەی بروک یەکانگیر دەبن)، ئەمە وەک گەڵای دار وایە کە تیشکی خۆر تێیدا دەپاڵێوێت، پاشان دەرهێنەر هەموو ئەم تایبەتمەندییە نەبینراوانە بۆ ئەکتەر دەگوازێتەوە، چۆنیەتی نمایشکردنی هەموو ئەمانەش پەیوەستە بە خودی ئەکتەر و کارامەییەوە. خۆ ئەگەر ئەکتەرەکە بیرۆکەیەکی تری هەبوو، با تاقی بکاتەوە.

لە نمایشی "لاواندنەوەی یەرمیا"دا، دەرهێنەر پەنا دەباتە بەر ستایلسازی و ڕێوڕەسمەکانی شانۆی ئایینی ناو کڵێسا، وەک ئەوەی کە لە سەتەکانی ناوەڕاستدا نمایش دەکرا، سەبارەت بە کارەکتەری ستایلیزەکراوی شانۆیی، بەشێک لە بەرهەمەکانی مایتێرلینکمان بیردەخاتەوە، بەتایبەتیش شانۆنامەی سیستەر بیاتریس.

ئەکتەرەکانی "لاواندنەوەی یەرمیا" وەک چەند قەشەیەک وان لە پەرستگایەکدا بن، بە پۆشاکی ڕەشەوە دەچنە ژوورەوە، سەریان داپۆشیوە و ڕۆڵەکانیان لە شێوەی سروود و ڕێوڕەسمی کاریگەرانەی کڵێسا جێبەجێ دەکەن.

دەرهێنەر، وەک سمێلیانسکی دەڵێ، ئەو ڕژد بوو لەسەر ئەو خاڵەی کە میخائیل چێخەڤ ناوی لێنابوو جەوهەری مۆسیقایی کەشوهەوای شانۆنامەکە، لە ڕێگەی ئەم جەوهەرەوە بینەران واقیعێکی دیکەیان دەبینی. سینۆگرافیای نمایشەکە لەلایەن خودی (ڤاسیلییێڤ)ەوە دیزاین کرابوو.

لە هەمان کاتدا کەشوهەوای گشتی نمایشەکە لە ڕێگەی گۆرانی و سرووتی کڵێساییەوە کەشوهەوای کاتیدرایی ڕووسیای سەتەکانی ناوەڕاستی بەرجەستە دەکرد، تەنانەت ڤاسیلییێڤ لە بەکارهێنانی «کۆترە سپییەکان» لەو گۆڕەپانەدا درێغی نەکرد.

ئەندامانی کۆڕسەکە لەگەڵ دەستپێکردنی نمایشەکە یەک لە دوای یەک دەچنە ژوورەوە و بەدەم لاواندنەوە بۆ یەرمیا دەست بە داگیرساندنی سەتان مۆم لەسەر دیوارەکان دەکەن. لە کاتی نمایشەکەدا ئەندامانی کۆڕەکە جلەکانیان لە ڕەشەوە بۆ سپی و دواتر بۆ شین دەگۆڕن.

ڕاستییەکەی ئەم شانۆییە شانۆییەکی کەشی ئایینی و پەرستنە، نەک شانۆییەکی نەریتی و باو.

شانۆی ڤاسیلییێڤ بە پێی قسەکانی پیتەر بروک، نموونەی شانۆی پیرۆزە، بەوەی کە شانۆیەکە دەتوانێ ئەوەی نادیارە بیخاتە ڕوو، شانۆییەکە پێش ئەوەی پەیامەکەی ئاراستەی عەقڵ بکا، ئاراستەی ڕوحی دەکات و قەناعەتمان پێ دەکات کە هێشتا پێویستمان بە شانۆییەکی پیرۆزە.

Theatre Directing: Christopher Innes and Maria Shevstova
The Russian Theatre after Stanlin: Anatoly Smelinsky